هاشم سالح

ئارکیۆلۆژیای زانستە مرۆڤایەتیەکان



43977

وەرگێڕانی

شوان ئەحمەد

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب: ئارکێۆلۆژیای زانستە مرۆڤایەتییەکان

بابەت: لێکۆڵینەوە

نووسینی: هاشم سالح

وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد

دیزاینی ناوەوە: ئەمیرە عومەر

بەرگ: ئارام عەلی

چاپی: دووەم - ٢٠٠٨

ژمارەی سپاردن: (638) ی سالی 2004

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێڕست

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی	5
فەلسەفەی هاوچەرخی ئەوروپی	13
فەلسەفەی هاوچەرخی ئەڵمانی	28
یۆرگن هابرماس، ئەقڵانیەت و مۆدێرنێتی	42
یۆرگن هابرماس و ئەقڵانیەتی کۆمنیکاشیۆنخوازی	57
سەرەتایەک دەربارەی ڕیمۆن نارۆن	78
وێستگە سەرەکیەکانی فیکری ڕیمۆن نارۆن	95
نۆگست کۆنت و فەلسەفەی پۆزەتێیزم	112
نارکیۆلۆژیای زانستیە مرۆڤایەتیەکان	140
پییربۆردیۆ و سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخ	184
فرنان برۆدێل و قوتابخانەی بلاۆکراوەی سالانە	200
مێژووی بونیادگەری لە ١٩٦٧ەوە تا ئەمڕۆ	٢٤٥
میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی	٢٦٢

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

لەنێوان زمانی فیکرو زمانی ناخاوتندا جیاوازییەکی زۆر هەیە، نەگەر زمانی ناخاوتن لە بنەڕەتدا بەمەبەستی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانو بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانەیان دامەزرابێ، نەوا زمانی فیکر بەمەبەستی پەیوەندیو ڕێکخستنی ماناو بیرۆکەو چەمکەکانی نێو زەینمان دامەزراوە. . واتە نەگەر زمان لە دۆخی یەکەمدانامرازی مامەڵەی نێوان مرۆڤەکان بێ، نەوا لە دۆخی دووەمدا نامڕازی بیرکردنەوەی زاتیو ناڵۆگۆڕی چەمکە زەینیەکانە.. نەگەر نامانجی سەرەکی زمانی ناخاوتن ساناکردنەوەی ناڵۆزیو کێشەکانی ژیان بێ، نەوا نامانجی زمانی فیکر قوڵبوونەوەیە بەناو نەو ناڵۆزیو کێشانەدا، بەمەبەستی ڕۆشنکردنەوەی نەو ڕوبەرانەی زمانی ناسایی نایان بینێ یان ناییەرژێتە سەر بینینیان.

نەم جیاوازییە جیاوازییەکی سروشتیە، تا نەو شوێنەی فیکر توانای وردبوونەوەی هەیەو لە فۆرمو شێوازی تردا، لەناو ژانرە هونەریو نەدەبیو کایە ڕۆشنبیرییەکانی تردا دەردەکەوێو

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

بەرجەستە دەبێ، بەڵام کاتێ ئەو دوو زمانە لەیەک دادەبڕێن، کاتێ پریشکی فیکر بەر دنیای دەرەوەی خۆی ناکەوێ، کاتێ لە پشت هۆشیاری گشتیەوە هوشیاری فیکریی نامادەیی نامێنێ، نیدی فەلسەفەو فیکر غایەتی خۆیان لەدەست دەدەن کە بریتیە لە گواستنەوەی ئازادیی بیرکردنەوە بۆ ئازادیی ژیانو چالاکی زەینی بۆ چالاکیی میژوویی.

نەگەر کولتوری خۆرئاوایی تا ئاستێکی زۆر سەرکەوتوو بووبێت، لەپرۆسەی تەرجەمەکردنی زمانی فیکر بۆ زمانی هونەرو ئەدەب و رۆژنامەو سینەماو ژانرو کایە رۆشنبیرییەکانی ترو لەوێشەوە بۆ ناو ژیانو میژوو، ئەوا کولتوری خۆرهەڵاتی ئەک هەر نەیتوانیوە ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدات، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەمیشە دیوارێکی لە نێوان هۆشیاری فیکریو هۆشیاری گشتیدا هەڵچنیوە. . هەمیشە ئەوانەی لەدنیای فیکرو فەلسەفەدا کاریان کردووە (بەناگابوون یان بێئاگا)، لە پێگەی نوخبەیەکی خەمساردەوە تەماشای جیهانی دەرەوەیان کردووە.

نوسەری ئەم کۆمەڵە وتارەی لەم کتێبەدا کراون بە کوردی، لە رِوانگەی هەستکردنییەوە بەکێشەیەکی لەمجۆرە، لەپاڵ ودرگێڕانە گرنگەکانی لە زمانی فەرەنسییەوە بۆ زمانی عەرەبی، سالانێکە سەرقاڵی وردکردنەوەی زمانی فیکرە بۆ زمانێکی ساناتر لەو زمانە نەبستراکتو پر زاراوەو گەمە مەجازیانەی، لای ژمارەیەکی زۆر لەنووسەرو بیریارانی عەرەب وەک شێوە مۆدیلێکی نوخبەی لێهاتووە.

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library


نەو بڕوای وایە لەنێوان زمانی سەختی نەکادیمیو زمانی سادەو ساکاردا، زمانێکی تر هەیە کە دەکرێ ناوبنرێ زمانێکی ڕۆژنامەوانی / ڕۆشنبیری جدی، چونکە خودی فەیلەسوفو بیریارەگەورەکانی خۆرئاوا دوو دڵ نەبون لەوەی، زۆر جار فەلسەفە تەرجەمە بکەن بۆ زمانی گۆشەی ڕۆژنامەوانی و پردێک لە نێوان هۆشیاری فەلسەفیو هۆشیاری گشتیدا دابەزرێنن، تاکو فەلسەفەو فەیلەسوفەکان لە ناو تاقو ڕەفەی کتێبخانەکانودیسکو CDی کۆمپیوتەرەکان بێنە دەرێو دابەزنە ناو ڕۆژنامەو سەر شەقامو شوێنە گشتییەکانو هەندێ جاریش لە میترۆو کافتریاکاندا قاوە لە گەڵ خەڵکانی ناسایدا بخۆنەوە. زنجیرە وتارەکانی ناو نەم کتێبە لەم گۆشە نیگایەوەو بەم نەفەسە نوسراوە، بەو ئومێدەی دەرفەتێك بن بۆ گەرمکردنەوەی نەو خانە سڕبوانەی جەستەی ڕۆشنبیری کە پێویستیان بە خوێنی تازە هەیەو پێویستیان بەکارلێك هەیە لەگەڵ بەرهەمەکانی فیکری مرۆیی لەهەر کوێیەك بێ.

فیکری نەوروپی نوێ تەودری سەرەکی نەم کتێبەیە، بەڵام داخۆ ناسینی نەم فیکرە تاکوێ و بۆچی پێویستە؟ بەدیوێکی تردا نایە تەرجەمەکردنی نەو فیکرە بۆ زمانی ڕۆژنامەوانی جدی چ بایەخێکی لەخۆرهەڵاتدا هەیە؟ بەتایبەتی لەدنیای خۆرهەڵاتدا دوو ناراستەی باو سەبارەت بە نەوروپا ناسی هەیە، یەکەمیان وەك نەوێکی دوژمن دەیبینێ کەدەبێ وریابین لەنزیکبوونەوەی، دووەمیشیان وەك نەفسانەیەکی تەکنەلۆجی تەماشای دەکا کە دەبێ تازووە ناشنای مۆدێلو دیکۆرو نامێرە زانستیە سیحریەکانی بین. نەم کتێبە بەپێچەوانەی نەم دوو دیدە باوەوە، هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی فیکری

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

فیکری ئەوروپی نوێ تەوەرەی سەرەکی ئەم کتێبەیە ، داخۆ ناسینی ئەم فیکرە تاکوێ وبۆچی پێویستە ؟ بەدیوێکی تردا ئایا تەرجەمەکردنی بۆ فیکرە بۆ زمان رۆژنامەوانی جدی چ بایەخێکی لەخۆرهەڵاتدا هەیە ؟ بەتایبەتی لەدنیای خۆرهەڵاتدا دوو ئاراستەی باو سەبارەت بە ئەوروپا ناسی هەیە ، یەکەمیان وەك ئەوێکی دوژمن دەیبینێ کەدەبێ وریابین لەنزیکبونەوەی ، دووەمیشیان وەك ئەفسانەیەکی تەکنەلۆجی تەماشای دەکا کەدەبێ تازووە ئاشنای مۆدێل و دیکۆرو ئامێرە زانستیە سیحریەکانی بین .

ئەم کتێبە بەپێچەوانەی ئەم دوو دیدە باوەوە ، هەوڵێکە بۆخوێندنەوەی فیکری خۆرئاوایی بەشێوەیەکی بابەتی و بەزمانێکی گونجاو ، بەدەر لە هەر بوغزێکی پێشوەخت و هەر قەبەکردنێکی بێبناغە ، چونکە ئەوروپاناسی تائەوپەری پێویستە،بەڵام ئەوەی لەئەوروپاناسیدا پێویستە تەنها دیوە تەکنەلۆجیەکەنیە،بەڵکو ئەو باگگراوندە فیکری وئامادەییە مەعریفییەشە کەبزوێنەری پێشکەوتنە ، لەهەموو بوارە زانستی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکاندا .



Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library